# کەرکـــوک بـــۆ مێـــژوو دەدوێـــت، لەگەڵ دکتـــۆر نـــوری تاڵەبـــانی

"کەرکـوک بـۆ مێـژوو دەدوێـت" بـریتیە لە چەنـد چاوپێکەوتنێـک لەگەڵ کۆمەڵێـک کەسـایەتی کەرکوک لەبارەی بارودۆخی کۆن وتازە لەو شارە، کە لە سـەرەتای ٢٠٠٧ لەلایەن مەکتەبـی بیـرو هۆشـیاری (ی.ن.ک.) ئامـادەکراوەو بڵاوکـراوەتەوە. چەنـد پرسـیارێک ئاراسـتەی دکتـۆر نوری تاڵەبانی کراوە، لێرەدا پوختەی ئەو چاوپێکەوتنە بڵاودەکەینەوە.

پرسیاری یەکەم دەربارەی خۆی وبنەماڵەکەیەتی:
و: لە بنەماڵەیێکی ئایینی ناسراوی کەرکوکم، کوری شێخ جەمیل تاڵەبانی، کە شێخی ئیرشادی تەکیەی تاڵەبانی بووە. ئەو تەکیە لە کەرکوک بە تەکیەی گەورە، بە تورکمانی بە (بیوک تەکیە) دەناسرێ و سەرچاوەی تەکیەکانی تاڵەبانی یە لە بەشەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان. لە منداڵیەوە پێم خۆشبووە لە کۆڕی پیاوانی گەورە و بە تەمەن دابنیشم و گوێ لە قسەکانیان بگرم، هەندێ لەو قسانەم لە بیرماوە پێم باشە بیانگێڕمەوە تا نەوەی تازە ئاگاداری ئەو بەسەرهاتوو و ڕووداوانە بن:
لە قوتابخانەی سەرەتایی"ئیمام قاسم"ی کوڕان خوێندنی سەرەتاییم تەواوکردووە، قوتابیەکان وبەشی زۆری مامۆستاکان کورد بوون، بەڵام بە زمانی عەرەبی دەمانخوێند. لەبەر ئەوەی لە زمانی عەرەبی تێنەدەگەیشتین، مامۆستاکان ناچاربوون بە کوردی دەرسەکانمان بۆ ڕوونبکەنەوە. لەقوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی قوتابی تورکمان و عەرەب و کلدان و ئاشوری و ئەرمەنی لێبوو، بەڵام ژمارەی قوتابیە کورد و تورکمانەکان زیاتر بوو. بەشێک لە قوتابیە عەرەبەکان منداڵی فەرمانبەر و ئەفسەرانی فیرقەی دوو بوون لە سوپای عێراق، کە مەڵبەندەکەی لە کەرکوک بوو. قوتابخانەی دواناوەندی کەرکوک تەنیا یە ك قوتابخانە بوو لە پارێزگای کەرکوک، لەوێ پێکهاتەی نەتەوەیی کەرکوک بەدی دەکرا، لە شارۆچکەکانی کفری و دوز و چەمچەماڵ و حەوبجە قوتابیانی ئەو قۆناغە ڕوویان تێدەکرد بۆ تەواوکردنی خوێندنیان.
- کێشەی ناوخۆی خوێندکارە تورکمانەکان:
لەناو قوتابیاندا دووبەرەکی وکێشەی ئەتنی کەم بوو، بەڵام لە نێو قوتابیە تورکمانەکاندا جاروبار گێۆمان لە دەنگەدەنگ دەبوو لە کاتی پشوودان، بەشێکیان سەر بە حیزبی جەلال بایار و ئەوانی دیکە سەر بە حیزبی عیسمەت ئینەنۆ بوون! جەلال بایار لەو سەردەمەدا سەرەک کوماری تورکیا بوو، حیزبی عیسمەت ئینەنۆ بوو، کە حیزبەکەی موستەفا کەماڵ بوو، حیزبی ئۆپۆزسیۆن بوو.
هەندێ بیرەوەری و ڕووداوی باس نەکراوەتان بۆ دەگێڕمەوە. لە ساڵی ١٩٥٤

دا ڕێکەوتنامەی سەربازیی دوو قۆڵی نێوان حکومەتی عێراق و تورکیا مۆرکرا، سەرەک وەزیرانی ئەو سەردەمەی تورکیا (عەدنان مەندریس) سەردانی عێراقی کرد، پێکەوە لەگەڵ سەرەک وەزیرانی عێراق، نوری سەعید بە شەمەندەفەر هاتنە کەرکوک. جگە لە کاربەدەستانی حکومەتی، بەشێک لە تورکمانەکان چوبوون بە پیریانەوە بۆ مەحەتەی شەمەندەفەری کەرکوک. دەیانگێڕایەوە کاتێ میوانەکان گەیشتوون، قەسابێکی تورکمان بە خۆی وبەرخێکەوە چووەتە بەردەم عەدنان مەندریس بەمەبەستی سەربڕینی لە ژێر پێیدا، بەڵام پێی وتووە: "گەورەم، خۆم لەژێر پێتا سەربڕم یان ئەم بەرخە"! هەڵوێستی ئەو قەسابە نەخوێندەوارو نەزانە وچەندەها کەسی وەک ئەو هۆیەکەی پرۆپاگەندەی رادیۆی ئەنقەرە بوو، کە بڵاویدەکردەوە تورکمان و کەرکوک بەشێکن لە تورکیای دایک. هەر لە ناوەراستی پەنجاکانی سەدەی ڕبوردوودا، شەقامێکی گرنگ لە کەرکوک لەلایەن شارەوانییەوە بە شەقامی "سیروان" ناولێنرا. سەرۆکی شارەوانی پارێزەر فازیل تاڵەبانی بوو، تورکمانە توندڕەوەکان کردیانە هەڵلا، گوایا چۆن دەبێ لە شارێکی وەکو کەرکوک شەقامێک بە ناوێکی کوردییەوە ناوبنرێت! لە رۆژنامەکانی تورکیا و هەتا عێراقیش شتی ناڕەوایان دژ بە سەرۆکی شارەوانی بڵاودەکردەوە، وەکو ئەوەی ئەو شەقامەی بە ناوی کوڕەکەیەوە ناولێنراوە! ئەوە یەکەم شەقام بوو لە کەرکوک کە ناوێکی کوردی هەبێ.

- دەرخستنی کێشەی کەرکوک لەناو شارەکەدا.

دووبەرەکی وناتەبایی نەتەوەیی لە نێو کوردو توکمان پاش ١٩٥٨ پەرەی سەند. لە تەموزی ئەو ساڵەدا بەکالۆریۆسم لە کۆلێژی ماف (حقوق) لە زانکۆی بەغدا وەرگرد و گەڕامەوە بۆ کەرکوک. پاشان لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ خوالێخۆشبوو مەلا موستەفا بۆ یەکەم جار گەڕایەوە کوردستان. شەوێک لە کەرکوک مایەوەو میوانی سەرکردەی فیرقەی دوو، جەنرال نازم تەبەقچەلی بوو لە (یانەی ئەفسەران). کوردی کەرکوک دەچوونە لای بۆ بەخێرهاتنەوەکردنی. خوالێخۆشبووان هەمزە عەبدوللاو ساڵح بەگی میرانی لەگەڵ بوو. پاش گەڕانەوەی بۆ کەرکوک چوو بۆ سلێمانی. کاتێ لە سلێمانی گەڕایەوە، شەوێکی تر لە کەرکوک مایەوە. لە فڕۆکەخانەی سەربازیی کەرکوک بەرەو بەغدا گەڕایەوەو، ئامر ئینزیباتی فیرقەی دوو، کە ئەفسەرێکی تورکمان بوو (هیدایەت ئەرسەلان)، بەناوی فیرقەوە هاتبووە فرۆکەخانە بۆ بەڕێکردنی، بەڵام لە فرۆکەخانە کتوپر نەخۆش کەوت و لە ڕێگای نەخۆشخانە دڵی لە راوەستان کەوت. ئەو ئەفسەرە کوڕێکی قوتابی بوو لەگەڵما ناوی (ساتیع ئەرسەلان)بوو، بووە پزیشک لە کەرکوک، کوردێکی باشی دەزانی،

جارێکیان پرسیارم لێکرد ئەو کوردیە باشە لە کیۆ فێربووە، وتی لە رەواندوز، چونکە باوکی چەند ساڵێک لەوێ ئەفسەر بووە.
تورکمانە توندڕەوەکان مردنی هیدایەت ئەرسەلانیان قۆستەوە بۆ سازدانی خۆپیشاندان، بە هاندانی چەند ئەفسەرێکی قەومی لە فیرقەی دوو. دەتوانم بڵێم دووبەرەکی وناکۆکی لەو رۆژەوە تا دەهات توندتر دەبوو لە نێو کورد و تورکمان.
نازم تەبەقچەلی لەپاش سەرکەوتنی کودێتای تەموزی ساڵی ١٩٥٨ ناولێنرابوو بە فەرماندەی فیرقەی دوو لە کەرکوک، کە حوکمی هەموو کوردستانی بە دەستەوە بوو. تەبەقچەلی لە بنەماڵەیێکی عەرەبی سوونەی بەغدا بوو، باپیرە گەورەیان لە سوریاوە هاتبوونە عێراق، بەڵام هاوسەرەکەی تورکمانی تەلەعفەر بوو. پێوەندی نێوان کورد و تورکمان پاش هاتنی تەبەقچەلی بۆ کەرکوک بەرەو خراپە دەچوو، دۆستایەتی لەگەڵ تورکمانە توندڕەوەکان پەیداکردبوو، بەتایبەتی لەگەڵ بەشێک لە پارێزەرانی توندڕەو و زوو زوو دەچووە سەر دەعوەتیان و لەگەڵیان کۆدەبووەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوە بزوتنەوەیێکی نائاسایی لە نێو تورکمانە توندڕەوەکاندا پەیدابێ، کە پێشتر بەو شێوەیە نەبوو. بە کورتی نازم تەبەقچەلی رۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە تێکدانی پێوەندی کورد و تورکمان. لەو کتێبەی بەناوی (ناوچەی کەرکوک وهەوڵی گۆرینی باری نەتەوەیی ئەو ناوچەیە)، کە لە ساڵی ١٩٩٥ بە زمانی عەرەبی لە سوێد چاپم کردووە، ئاماژەم بۆ ئەو راستیە کردووە. ماوەیەک پاش گەیشتنی تەپەقچەلی بۆ کەرکوک داوای لە وەزیری ناوخۆی عێراق، عەبدولسەلام عارف کردبوو سەرۆکی شارەوانی، کە کورد بوو بیگۆڕێ. لە پاش لابردنی تا ڕووخانی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ دا کورد نەکرایە سەرۆکی شارەوانی کەرکوک، لە خوالێخۆشبوو شەهید شێخ مارف بەرزنجی بەولاوە، کە لە سەرەتای ١٩٥٩دا بۆ ماوەیێکی کەم کرایە سەرۆکی شارەوانی، لەو ساڵەوە تا ١٩٦٩ هەر تورکمانیان دەکردە سەرۆکی شارەوانی کەرکوک، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٩دا، مەزهەر تکریتی ئەو پۆستەی پێدرا. باپیرە گەورەی تکریتیەکان لە سوریاوە لەگەڵ سوڵتان موردای چوارەم هاتوونەتە عێراق بۆ هاوکاریکردنی لەشکرەکەی لە پێناو دەرکردنی سەفەوەییەکان لە عێراق. پێش گەڕانەوەی سوڵتان بۆ ئەستەموول، چەند گوندێکیان پێدەبەخشێ بەرامبەر هاوکاریکردنیان. پێوەندی تکریتیەکانی کەرکوک لەگەڵ کورد و تورکمان باش بوو. لە کەرکوک جگە لەوان عەرەبی دیکەی لێ نەبوو، بەڵام پاش تەواوکردنی پرۆژەی حەویجە ونیشتەجێکردنی خێڵی عەرەب لەو ناوچەیە، بەشێک لە منداڵەکانیان بۆ تەواوکردنی خوێندنیان دەهاتنە کەرکوک.

- پرۆژەی ئاوی حەویجە، ئایا پرۆژەی ئاوی حەویجە تەنها بۆ عەرەب بوو، یان بۆ کوردیش بووە، تا چ ڕادەیەک ئەمە راستە؟
وەڵام: لەو باوەڕەدام ئەو پرۆژەیە لە سەرەتاوە بۆ نیشتەجێکردنی خێڵی عەرەبی (بەدو) دروستکراوە. دەڵێن خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز کاتێ (موتسەریفی) کەرکوک بووە لە ساڵی ١٩٤٦دا، هەوڵیداوە خێلی کۆچەری کورد لە دەشتی حەویجە نیشتەجێ بکرێن. ئەو پرۆژەیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٦ا، کاتێ یاسین هاشمی سەرۆکی حکومەت بووە نەخشەی بۆ دانراوە بۆ نیشتەجێکردنی خێڵی (ئەلعوبێد). ئەم خێڵە (بەدوو) بوون لە دەشتی جەزیرەی سەر بە موسل خەریکی مەڕومالاَت بەخێوکردن بوون، بەڵام لەگەڵ خێڵی (شەمەر)دا لە شەڕو هەرادا بوون، پاشان ناچاردەکرێن ڕووبکەنە دەشتی (عوزێم) لە پارێزگای (دیالە). لەوێش لەگەڵ خێڵی (ئەلعەزە)ی عەرەب لە شەڕو ناخۆشیدا دەبن، بۆیە حکومەتی یاسین هاشمی پلانی نیشتەجێکردنیان لە دەشتی حەویجە پەسەند دەکات، بەڵام پرۆژەکە کە بریتی بوو لە هێنانی ئاو لە زێی بچوکەوە بۆ دەشتی حەویجە، بە مەبەستی نیشتەجێکردنی هەردوو خێڵی (ئەلعوبێد) و (جبور) بە چەند ساڵێک ئەوجا تەواو دەبێ. بیستوومە کاتێ سەعید قەزاز موتەسەریفی کەرکوک بووە هەوڵیداوە خێڵی کۆچەری کورد، بەتایبەتی بەشێک لە تیرەکانی جاف، کە گەرمیان وکوێستانیان دەکرد، لە دەشتی حەویجە نیشتەجێ بکرێن. حامید بەگی جاف لەو دەمەدا قایمەقامی چەمچەماڵ بووە، پێشنیازی کردووە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕێگا بە بەشێک لە خێڵی جاف بدات لەوێدا نیشتەجێ بکرێن، لەسەر ئەو پێشنیازەی لەلایەن ئەو وەزارەتەوە نەقڵ دەکرێ بۆ قەزایێکی دوور، بۆیە دەست لە کار دەکێشێتەوە. حامید بەگ لە چەند خولێکی پەرلەمانی عێراقدا ئەندامی ئەو پەرلەمانە بووە، تا ساڵی ١٩٥٥. لەو باوەڕەدام ئەو پرۆژیە لەسەرەتاوە بۆ نیشتەجێکردنی خێڵی عەرەب دروستکراوە.
- پرسیار: پرۆژەی حەویجە کەی تەواوبووە؟
- باس لەوە دەکرێ پرۆژەی حویجە لە ساڵی ١٩٣٦ لەلایەن وەزارەتی یاسین هاشمی دەستی پێکراوە. هاشمی لە ٢٨ ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٦ بە هۆی کودێتای بکر سدقی لەسەر پۆستەکەی لادەبرێ و دەچێتە سوریاو لەوێ کۆچی دوایی دەکات. پرۆژەکە لەسەرەتاوە لەلایەن ئەوەوە پێشنیازکراوە، کە بیرورای عروبەوی هەبووە، بەڵام پاشتر بە بازووی زیندانیانی کەرکوک، کە بەشی زۆریان کورد بوون، تەواوکراوە، لەماوەی ١٠ تا ١٢ ساڵدا. بەشی یەکەمی پرۆژەکە لە پاش ١٩٤٦ تەواوکراوە، خێڵی (ئەلعوبێد) و (ئەلجبور)

وچەند خێڵکی دیکە و چەند بنەماڵەیێکی تر لە (دۆر) و تکریت، لە دەشتی حەویجەی ئاوەدانکراوەدا نیشتەجێکراون.
لە کاک دکتۆر موکەرەم تاڵەبانیم بیستووە، کاتێ وەکو نوێنەری حیزبی شیوعی لە کابینەی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر وەزیر بووە لە ناوەراستی حەفتاکاندا، رۆژێک ئەلبەکر لەبەردەم چەند وەزیرێک پێی دەڵێ سەرۆکی بنەماڵەکەیان کاتی خۆی پەناهەندە بووە لەلای تاڵەبانیەکان، پیاوەتیان لەگەڵ کردووین. لە دوا ساڵەکانی حوکمی عوسمانی مامێکی و چەند خزمێکی جەندرمەیێکی عوسمانی دەکوژن و پەنا دەبەنە لای شێخانی تاڵەبانی لە دەشتی داقوق، لە خواروی کەرکوک. یەک دوو ساڵ لەوێ دەمێننەوە تا فەرمانی لێخۆشبوونیان بۆ دەردەچێ. بیستوومە کاتێ ئەو عەرەبانە دەگەڕێنەوە بۆ تکریت، شیخ عیزەدینی تاڵەبانی، شێخ فەیزوللای برای لەگەڵیان دەنێرێت تا تکرێت، ئەو دەمە گوندێکی گەورە بووە. بە گیۆرەی نەریتی عەشایری، کاتێ دەگەنە تکریت لە گۆرەپانێکدا رەمبازی دەکەن، دەڵێن ماوەیەک بەو گۆرەپانە گوتراوە (ساحەی فەیزی). سەددام حوسێن لە ساڵی ١٩٨٩  "فەرمانی لێخۆشبوونی"بۆ هەموو کوردە "یاخی بووەکان"دەرکرد، بەڵام مام جەلالی لێ بەدەرکرد! پاش ماوەیەک لە بەردەم کەناڵی تەلەڤزیۆندا وتی، لە جەلال تاڵەبانیش خۆش دەبم، چونکە کاتی خۆی خزمەکانی چاکەیان لەگەڵ کردووین لە کوردستان! ئەم وتەی سەددام حوسێن داننانبووە بەوەی ناوچەی داقوق، کە کەوتووەتە خوارووی کەرکوک، بەشێک بووە لە کوردستان! لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا مام جەلال ئەم بۆچوونەی سەدامی وەک بەڵگە هێنایەوە بۆ کوردستانیبوونی ئەو ناوچەیە. لەو ناوچەیە جگە لە تاڵەبانی، داوودە و کاکەیی و زەنگنەو خێڵی دیکەی لێیە، تا زنجیرە چیاکانی حەمرین. لە پاش بڵاوکردنەوەی کتێبی بە عەرەبکردنی ناوچەی کەرکوک، کاک (عەبدوللا سەراج)ی نووسەر نامەیێکی بۆ ناردم تێیدا دەڵێ لە سەرەتای شەستەکاندا بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی حەویجە بووە، لە ئەرشیفی ئەو قوتابخانەیەدا چەند نوسراوێکی بە ئیمزای خوالێخۆشبوو مامۆستا رەفیق حیلمی (موفەتیشی عامی کوردستان)ی بەرچاوکەوتووە، کەواتە ئەو قوتابخانەیە لەو سەردەمەدا سەر بەو دەزگایە بووە.
- عەرەبەکانی حەویجە کاتی خۆی بە مۆڵەت هاتوون:
- دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، پاش ئەوەی حکومەتی عێراق داوا لە شێخەکانی خێڵی (ئەلعوبێد)دەکات بچنە دەشتی حەویجە، سەرۆکەکانی، بەتایبەتی شێخ مەحەمد ساڵح و براکانی، نامەیەک بۆ شێخ مەحمود دەنێرن

تێیدا دەنووسن حکومەت داوای لێکردوون لە حەویجە نیشتەجێ بن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە بە بەشێک لە خاکی کوردستان دەزانن، بەبێ رەزامەندی ئەو لەوێ نیشتەجێ نابن. ئەوە بەڵگەێکی دیکەیە، کە شێخە کۆنەکانی ئەو خێڵە، بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئەوانەی ئێستا، دوژمنایەتی کوردیان نەکردووەو ئەو ناوچەیان بە بەشێک لە کوردستان زانیوە.
- بنەماڵەی کۆنی کورد وتورکمانی لە :
- لە کەرکوک چەند بنەماڵەێکی کۆنی کورد وتورکمانی لێیە، شێخانی تاڵەبانی یەکێکە لەو بنەماڵە کۆنانەی لە سەردەمی شێخ عەبدولرەحمانی (خالس) هاتوونەتە ئەو شارە، بەڵام پێشتر لەسەردەمی مەلا مەحمودی باپیرە گەورەیانەوە تەکیەێکی لێکراوەتەوە، ئەم تەکیە لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجید نوێ کراوەتەوە. مەولەوی شاعیر چەند جارێک سەردانی شێخ عەبدولرەحمانی کردووەو بە موناسەبەی تازەکردنەوەی تەکیەکەی قەسیدەێکی جوانی بە زمانی فارسی داناوە. لەسەردەمی حوکمی عوسمانیدا شێخ رەؤوفی کوڕی شێخ عەلی تاڵەبانی سەرۆکی شارەوانی کەرکوک بووە. لە ساڵی ١٩٣٤ تا کۆتایی ١٩٤٨ شێخ حەبیب تاڵەبانی سەرۆکی شارەوانی بووە، لە ساڵی ١٩٥٤ تا ناوەراستی ١٩٥٨ پارێزەر شێخ فازیل تاڵەبانی ئەویش هەمان پۆستی وەرگرتووە. چەند کەسێک لە بنەماڵەی یەعقوبیەکان، وەکو مەجید یەعقوبی و شامیل یەعقوبی برازای، هەردوکیان سەرۆکی شارەوانی کەرکوک بوون، ئەوەش ئەوە دەگەێنێ کە سەرۆکی شارەوانی کەرکوک کورد یان تورکمان بوون. لە ساڵی ١٩٦٩ عەرەبێک کراوە بە سەرۆکی شارەوانی کەرکوک.
- چۆن شێخ فازیل تاڵەبانی کرایە سەرۆکی شارەوانی کەرکوک؟
- لە ساڵی ١٩٥٤ خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆی عێراق بووە. بە پێی دەستووری عێراقی پێش ١٩٥٨، وەزیر لە پۆستی وەزارەتەکەی لە شەش مانگ زیاتر نەیدەتوانی بمێنێتەوە ئەگەر ئەندامی پەرلەمان نەبوایا. سەعید قەزاز ئەندامی پەرلەمان نەبووە، دەبوو پێش بەسەرچوونی ئەو ماوە دەست لە پۆستی وەزارەتی ناوخۆ بکێشێتەوە، بۆیە لەگەڵ شێخ فازیل تاڵەبانی، کە ئەندامی پەرلەمان بووە ڕێکدەکەوێت ئەم دەست لە ئەندامیەتی پەرلەمان بکێشێتەوە، تا سەعید قەزاز خۆی کاندید بکات بۆ جێگاکەی، ئەویش ببێ بە سەرۆکی شارەوانی! کەواتە لە ساڵی ١٩٥٨ سەعید قەزاز نوێنەری لیوای کەرکوک بووە لە پەرلەمانی عێراق. سەرۆکی شارەوانی وەکو نوێنەری زۆرینەی دانیشتوانی شار تەماشا دەکرا، ئەم پۆستە جارێک لەسەردەمی عوسمانی و چەند جارێکی دیکە لەسەردەمی حوکمی پاشایەتیدا بە یەکێک

لە بنەماڵەی تاڵەبانی دراوە، واتە کوردێک. بەعس لە ساڵی ١٩٦٩دا ئەم پۆستەی بە عەرەب داوە تا بیسەلمێنی زۆرینەی دانیشتوانانی ئەم شارە عەرەبن. لە ساڵی ١٩٦٠ وە تا ١٩٦٩ سەرۆکی شارەوانی کەرکوک تورکمان بوون، بەڵام کەسانی سەر بە حیزبی بەعس بوون.
لە بنەماڵە کوردیەکانی دیکەی کەرکوک، بنەماڵەی خانەقا، کە کوڕەکانی سەید ئەحمەدی خانەقا، شێخ حسێن و کاکە حەمە هەردوکیان ئەندامی پەرلەمانی عێراق بوون، لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا.
- بنەماڵەی خادم سوجادە کێیە:
- بنەماڵەی دیکەی کوردی شاری کەرکوکە و خزمایەتییان لەگەڵ جەلیزادەکانی کۆیەدا هەیە. عەلی رەفیق خادم سوجادە، ماوەیەک ئەندامی پەرلەمانی عێراق بووە، پێشتر حاجی رەفیقی خادم سوجادەی باوکی ئەندامی (مەجلیسی تەئسیسی) عێراق بووە. لێرەدا ناتوانم ناوی هەموو بنەماڵەکانی دیکەی کەرکوک بێنم، تەنیا بۆ نموونە ناوی بەشێکیان دێنم، وەکو بنەماڵەی بەها ئەفەندی باوکی دادیار نورەدین بەهائەدین، کە باوکی دادوەر دارا (ئەندامی ئەنجومەنی حوکم) بوو، هەروەها بنەماڵەی مەلا قادری ئیمام لە گەرەکی ئیمام قاسم و بنەماڵەی شێخ باقی وچەندەها بنەماڵەی دیکە. هەموو مەلا بەناوبانگەکانی کەرکوک لە سەدەی نۆزدەمدا کورد بوون، وەک مەلا عەلی حیکمەت و مەلا رەزای واعیز و مەلا ناسیح و مەلا مەحمودی مەزناوە، هەموویان مەلای بەناوبانگی کوردستان بوون و خەلیفەی شێخ عەلی تاڵەبانی بوون. مەلا بەناوبانگەکانی کەرکوک لە سەدەی بیستەمیش هەر کورد بوون، وەکو مەلا عەزیزی شلێخانی و مەلا ئەحمەدی رۆژبەیانی و مەلا عومەری گونبەدی و مەلا ئەحمەدی مەلا حەکیم و مەلا مەجیدی قوتب و مەلا عەلی فەتحوللا و مەلا عەلی لەیلان.
لە کەرکوک چەند بنەماڵەیکی تورکمان وەکو نەفتچی و ئاوچی و گدگ و قیردار و یەعقوبی هەن، کە بەشێکیان لەبنەڕەتدا کوردن. کۆنترین بنەماڵەی عەرەبی کەرکوک تکریتیەکانە، لەسەردمی سوڵتان موڕادی چوارەم هاتوون لە کەرکوک و تکریت نیشتەجێ بوون. حەدیدیەکان ماوەیکی زۆر نییە لە کەرکوک نیشتجێبوون، پێشتر خەریکی گامێشەوانی بوون و باری ئابوریان باش نەبوو.
- داود جەنابی کێ بوو:
لە مانگی شوباتی ١٩٥٩، نازم تەبەقچەلی، کە فەرماندەی فیرقەی دوو بووە خانەنشین کراوە و جەنرال داود جەنابی، کە ئەفسەرێکی چەپرەو بووە زۆر دۆستی کورد بووە، ئەو پۆستەی وەرگرتووە. لە نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩، بۆ

یەکم جار لە مێژووی شاری کەرکوک ئاهەنگێك لە گۆرەپانی فوتبۆلۆنی کۆمپانیای نەوتی IPC ڕێکخرا، فەرماندەی فیرقەی دوو پیرۆزبایی لە هەموو گەلی کوردستانی کرد بە بۆنەی نەورۆزەوە. هەندێ تورکمان وئاسوری وعەرەبی کەرکوک بەشداربوون لەو ئاهەنگەدا. لە ساڵی ١٩٥٩ بەشی زۆری ئەفسەر و سەربازەکانی فیرقەی دوو کورد بوون، لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی عەرەبی قەومی، کە عەبدولکەریم قاسم لە شوێنە گرنگەکان وەکو چاودێر لەسەر فەرماندەی فیرقە دایناببوون. بەڵام پاش ڕووداوەکانی تەمووزی ساڵی ١٩٥٩ کە سەرەتایەک بوو بۆ ناخۆشی و کاری توندڕەوی لە نێو کورد و تورکمان لە کەرکوک، دووبەرەکی دەستی پێکرد. کاربەدەستانی بەغدا، بە تایبەتی کاربەدەستانی ئەمنی بە هەموو شێوەیەک هەوڵی تێکدانی پێوەندی نێوان کورد و تورکمانیان دەدا، هەر لەو دەمەوە سیاسەتی بە عەرەبکردن لەناو شاری کەرکوک دەستی پێکردووە، چونکە بەشێک لە کاربەدەستانی کوردی کەرکوک، بە مەدەنی وسەربازیە وە نەقڵی دەرەوەی کەرکوک کراون. دەبێ ئەوەش بلَیَن تورکمانی بنەماڵەکان رۆڵی خراپیان نەدەبینی لە تێکدانی پێوەندی نێوان کورد و تورکمان، بەڵام ئەو گەنجانەی دەرچووی زانکۆکانی تورکیا بوون و توندڕەو بوون، خەڵکانی کەم فەرهەنگیان هاندەدا کاری توندڕەوی بکەن، بەشێک لە پارێزەرانی تورکمان رۆڵێکی خراپیان هەبوو و هاوکاری دەزگاکانی ئەمنی کەرکوکیان دەکرد، کە سەرۆکەکانی عەرەبیَکی توندڕەو بوون.

- کۆبوونەوەی واشنتۆن لەبارەی کەرکوک، پێش ڕووخانی رژێم چۆن بوو:

مەڵبەندێکی ئەمریکی تایبەت بە رۆژهەڵاتی ناوەراست خەریکی ئامادەکردنی پلان وبەرنامەدانان بوو لەبارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک پێش رزگارکردنی عێرا ق. لەوە دەچێ ئاگاداری نووسینەکانم بووبن لەبارەی کەرکوک، بۆیە پەیوەندیان پێوەکردم بۆ بەشداریکردن لەو کۆبوونەوە. بەشداربووان ژمارەیان کەم بوو، چەند کەسێکی شارەزای ئەمریکی و عەرەب وکورد بوون، لەوانە (لەیس کوبە) و کاک بەختیلر ئەمین و چەند کەسێکی دیکە. مەبەست لە بەستنی ئەو کۆبوونەوە ئەوەبوو بە چ شێوەیەک چارەسەری کێشەکانی کەرکوک بکرێت، چونکە دەیانزانی بارودۆخ لەو شارەدا تایبەتی خۆی هەیە.

- ئەمە دوای ڕووخانی سەددام بوو؟

- نەخێر پێش ڕووخانی سەددام ورژێمەکەی بوو، بەڵام پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق وئەو ناوچانەی کوردستان بوو، کە لە ژێر دەسەڵاتی رژێمدا بوون.

- لەکۆی؟
- لە واشنتۆن بوو، لەو کۆبوونەوەدا (لەیس کوبە) پێشنیازی کرد ئەنجومەنێک دروستبکرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شاری کەرکوک، پاش رزگارکردنی. وتم لەوە دەچێ دکتۆر لەیس کوبە دەیەوێ شەرعیەت بە سیاسەتی بە عەربکردنی ئەو شارە و ناوچەکە بدات، چونکە زۆربەی دانیشتوانانی کەرکوک (مەبەستم ئەو دەمە بوو) عەرەبی هاوردە بوون، خەڵکی ڕەسەنی شارەکە بەشی زۆریان دەربەدەر و ئاوارە بوون. ئەنجومەنێک لەو کەسانە دابمەزرێ، مانای شەرعیەتدانە بە سیاسەتی بە عەرەبکردن. بۆچوونی بەشێک لە ئەمریکیەکانیش هەر ڕێگانەدان بوو بە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ کەرکوک، بە بۆچوونی ئەوان، گەڕانەوەی ئەوان کێشەی لێ دروست دەبێ بۆ هەموو لایەک. وتم ڕواناکەم کەسێک بتوانێ ڕێگا لە گەڕانەوەی ئەو ئاوارانە بگرێت کە لە بارودۆخێکی زۆر خراپ وناخۆشدا دەژین. ئەو ئاوارانە دەگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ وحاڵی خۆیان، چونکە چەند ساڵە بە ناهەق دەرکراون، ئەگەر ڕێگای چوونەوەیان بە ئۆتۆمبیل لێبگرن، بە تراکتۆر، یان بەپێ دەگەڕینەوە، ئەگەر جادەکانیان لێبگیرێ، بە پێ بەناو چەمی خاسەدا دەگەڕینەوە! پاشان وتم ڕوا ناکەم حکومەتی ئەمریکا بە فڕۆکە لێان بدات، تا گەڕانەوەیان لێ قەدەغە بکات! ئەو خەڵکانە مافی خۆیانە بگەڕێنەوە، چونکە چەندەها ساڵە چاوەڕێی ئەو رۆژە دەکەن شار و ناوچەکەیان ئازادبکرێت، تا بتوانن بگەڕێنەوە. کاک بەختیار ئەمین، کە پاشان بووە وەزیری مافی مرۆڤ لە حکومەتی عەللاوی، پشتگیری لە قسەکانم کرد. پێشنیازێکی مام ناوەندی پەسەندکرا، ئەویش رێگادان بەگەڕانەوەی بەشێک لە ئاوارەکان بوو، چونکە گەڕانەوەی هەموویان کێشەی گەورەی لێ پەیدا دەبوو، چاکترە بە قۆناغ بگەڕێنەوە، بە مەرجێک پاشان چارەسەری کێشەکانیان بکرێت.
لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ٢٠٠٣ بە یەکجاری گەڕامەوە بۆ کوردستان، یاداشتنامەیەکم پێشکەش بە سەرکردایەتی سیاسی کوردی کرد، تێیدا پێشنیازی دامەزراندنی لیژنەیەکم کرد لە کەسانی شارەزای خەڵکی کەرکوک، بەڵام نوێنەری حیزبەکان بەشداری تێدا بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە، بە مەرجێك بە بەرنامە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات.
نزیکەی ١٠ رۆژ پاش ئازادکردنی کەرکوک، لە ناوەراستی نیسانی ٢٠٠٣، لەگەڵ دوو برادەری دیکە پێکەوە یاداشتنامەیێکمان ئاراستەی سەرۆکی هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان کرد، تێیدا پێشنیازی دامەزراندنی ئەو لیژنەمان لێکردن، هەروەها ئامادەیی خۆشمان پیشاندا بۆ گەڕانەوە بۆ بەشداریکردن لەو لیژنەیە، ئەگەر دروستبکرێت و رازی بن بە

بەشداریکردنمان. لەو یاداشتنامەدا پێشنیازمان کردبوو لیژنەکە بە نهێنی بمێنێتەوە، ئەرکی سەرەکی هاوکاریی ئەوان بکات. دەقی ئەو یاداشتنامەیە پاشان لە هەفتەنامەی (هاوڵاتی) بڵاوکرایەوە. پێم باشە دەقی یاداشتنامەکە بڵاوبکەنەوە:

**هەولێر، ٢٢ی ئەیلولی ٢٠٠٣**

" وڵاتەکەمان لە بارودۆخێکی زۆر ناسکدا دەژی، بۆیە پێویستە سوود لەم دەرفەتە میژوویە وەربگیرێ تاکو مافەکانی گەلەکەمان بە شێوەیێکی قانوونی بچەسپێنین و پێوەندی کوردستان بە حکومەتی ناوەندی عیراقەوە لەسەر بنەمایێکی تازە دابمەزرێتەوە.
دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق لەسەر بنەمایەکی نوێ پێویستی بە جێبەجێ کردنی چەند هەنگاوێک هەیە، تا ئێستا جێبەجێ نەکراون. چاکترە پەلەبکرێت لە جێبەجێ کردنیان بۆ ئەوەی مەسەلەی گەلەکەمان باشتر بچێتە پێشەوە. ناحەزانی کورد لەناوەوە و دەرەوە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن تەگەرە دروست بکەن تاکو ئەو کارانە نەکرێن، یان دوا بخرێن.
لە یاداشتێکدا کە لەلایەن کۆمەڵێک لە روناکبیرانی کوردی دانیشتوی ئەوروپاوە لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٢دا پێشکەش بە کاک مەسعود و مام جەلال کرابوون، تێیدا داوای یەکخستنەوەی ناو ماڵی کوردیان کردبوو، هەمان ئەو کەسانە جارێکی تر داوای پەلەکردنیان لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی کوردستان کردبووە. لەو رۆژانە لە هەولێر چاوم بە چەند کەسێکی دڵسۆز کەوت، لەوانە کاک عەزیز محەمەد و چەند رووناکبیرێکی دیکە، هەموویان جەختیان لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم داواکاریە دەکرد. دەزانن دەنگی کورد چاکتر گوێی لێ رادەگیرێ لە سەر ئاستی ناوەوەی عیراق و لە دەرەوەش، ئەگەر داواکاریەکانی گەلەکەمان بەناوی دەزگایێکی شەرعی یەکگرتووی کوردستانیەوە بخرێنە بەرچاو. ئەو کەسانەی دەچنە بەغدا بۆ بەشداری کردن لە دارشتنی دەستوور بۆ عیراقی پاشەرۆژ، دەتوانن بە جەختەوە داوای چەسپاندنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بکەن لەو دەستوورەدا، ئەگەر بە ناوی دەزگایێکی قانوونی یەکگرتووی شەرعیەوە قسە بکەن باشترە. با کورد وەک گرووپ وتاقمی سیاسی ومەزهەبی عیراقی کار نەکەن، ئەگەر ئەوان بەناوی گروپ و تایفەوە قسە دەکەن، چاکترە نوێنەرانی کورد بە ناوی دەزگایێکی قانوونی کوردستانیەوە قسە بکەن. لەبەر ئەم هەموو هۆیانە پێشنیازی زیندوکردنەوەی "دەستەی قانوونی باڵا" دەکەم، کە لە تەموزی

سـالّی ١٩٩٢، بە پڕیـاری پەرلەمـانی کوردسـتان دامەزراوە. بەشـی زۆری قانوونەکـان لەو سـەردەمەدا، کە پەرلەمـان پەسـەندی کـردوون، بە تـایبەتی قانوونی وەزارەتەکان، ئەم دەسـتەیە ئامـادەی کـردوون و ئێسـتایش بەشـێکی زۆریـان کاریـان پـێ دەکرێـت لە هەردوو ئیـدارەکەدا. لە بەهـاری سـالّی ٢٠٠٢ ئەندامانی پێشووی ئەم دەستە قانوونیە ئامـادەیی خۆیان دەربڕی دەسـت بە کارەکانیان بکەنەوە، بەلاّم بە مەرجێك بە پڕیاری پەرلەمان ئەو دەستە قانوونیە زینـدوو بکـرێتەوە و لە دەسـتووری هەرێـم دانـی پێـدا بنرێـت. لە پـرۆژەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان، کە لە سـالّی ١٩٩٢ ئامـادەم کـردووە، پێشـنیازی دامەزرانـدنی ئەو دەسـتە قـانوونیە کـراوە لە ژێـر نـاوی: "دەسـتەی قـانوونی بـالاّ". پەرلەمـان دەتـوانێ زینـدوی بکـاتەوە و نـاوی ئەو دوو کەسـەی دیـکە بخـاتە سـەر نـاوی سـێ ئەنـدامەکانی پێشـووی.

دەتـوانین بلّێـین ئەمـڕۆکە داوا سـەرەکیەکانی گەلـی کوردسـتان، جـگە لە یەکخسـتنەوەی هەردوو ئیـدارەکە، لەم دوو خـالّەی خـوارەوە کـۆ دەکـرێنەوە: یەکەم: لە دەستووری تازەی عیراق، کوردستان وەک هەرێمێک لەچوارچێـوەی سنووری مێژوویی و جۆگرافیایی خۆی دانی پێدابنرێ، لەگەلّ دانـان بە مـافی چارەنووس بـۆ گەلـی کوردسـتان و دامەزرانـدنەوەی دەولّەتـی عیـراق لەسـەر بنەمای ڕێکەوتنی ئارەزوومەندانە لە نێو هەردوو هەرێمـی کوردسـتان و بەشـە عەرەبـیەکەی عیـراق.

سـەبارەت بەو لیـژنەیەی دادەمەزرێ بـۆ ئامـادەکردنی پـرۆژەی دەسـتووری عیـراق، چـاکترە ژمارەیـان کەم بێـت، ئەنـدامەکانی لە ١٥ کەس زیـاتر نەبـن، ئەگینا ئەنجامدانی کارەکە دوادەکەوێت وبەباشـی ناکرێـت وتەگەرەشـی تـێ دەکەوێـت، کە لە بەرژەوەنـدی کـورد نیـیە .

کورد ناتوانێ داوای چەسپاندنی مافە ڕەواکـانی لە دەسـتووری عیـراق بکـات، پـێش دەسـتکاری کردنـی پـرۆژەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان، چـونکە مـافی چـارەنووس بە ڕوونـی دانـی پێـدا نەنـراوە لە پـرۆژە دەسـتوورە ی لـە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢، وەکو (پرۆژە) لەلایەن پەرلەمانەوە پەسـەندکراوە. لە ماددەی ٧٥ ئەو پرۆژەدا ئاماژەکراوە بـۆ بەکارهێنـانی مـافی چارەنووس، بەلاّم تەنیـا بـۆ حـالّەتێکی تـایبەت بـریتیە لە ئەگەری دەسـتکاری کردنـی کیـان و سیسـتەمی فیـدرالی لە عیراقـدا، بەبـێ ڕەزامەنـدی پەرلەمـانی هەرێمـی کوردسـتان. بە واتـایێکی دی، مـافی چـارونووس وەکـو مـافێکی ڕەوای گەلـی کوردسـتان بە مـوتلەقی باسـی لـێ نەکـراوە، بەلّکـو بەنـدکراوە بە ڕوودانـی حالّەتێکی تایبەتەوەو کورد ناتوانێ داوای دامەزراندنەوەی دەولّەتـی عیـراق لە سـەر بنەمـای ڕێکەوتنـی ئارەزوومەنـدانە بکـات، ئەگەر مـافی چـارەنووس بە

مـــوتلەقی لە مـــاددەیێکی تـــایبەت لە دەســــتووری هەرێمـــی کوردســـــتان نەچەســـپێنرێ. ئەم دەســـتکاریە ئێســـتا بکرێـت چـاکترە، پـێش ئامـادەکردنی پرۆژەی دەستووری عیراق، چونکە کورد داوای چەسپاندنی مـافی چـارەنووس بـۆ گەلـی کوردسـتان دەکـات لەسـەر بنەمـای ڕێککەوتنـی ئارەزوومەنـدانە لە دەســـتووری عیراقـدا، دەبـێ ئەو مـافە لە دەســتووری خۆیـدا بەڕوونـی و لە بەنــــــــــدێکی تایبەتـــــــــــدا چەســــــــــپابێ.
دووەم: بـاری کەرکـوک لە زۆر ڕووەوە بەرەو باشـــی نـاروات، بـۆیە پێویســـتە بەهاوکـاری هەمـوو لایەک، بە تـایبەتی هەردوو هێـزی سیاســی ســەرەکی لیژنەیەک دابمەزرێت، پێکهاتبێ لە نۆێنەرانی هەردوو هێـزی سیاسـی لەگەڵ چەند پسپۆر و شارەزایێکی خەڵکـی کەرکـوک. ئەرکـی سـەرەکی ئەم لیـژنەیە بەرنامە ئامادەکردن بێت بۆ چـۆنیەتی گەڕانەوەی بـاری ئاسـایی بـۆ کەرکـوک و ناوچەکە، لەگەڵ نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبکـردن لە هەمـوو ڕووێــکەوە. ئەم لیــژنەیە دەتـوانێ بە هاوکـاری کەســـانی شـــارەزا لە هەمـوو بوارێکدا، چارەســەری کێشــەکان بکـات، کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە زیـاد بوونـدان. بـۆ نموونە، ئێستا دیاردەیێکی تازە پەیدا بـووە لە نـاو شـار و دەوروبەری کەرکـوک و کەسـیش باســی ناکـات. خەڵکێکـی زۆر خەریکـی خـانوو دروسـت کـردنن بە شێوەیێکی نارێک ونابەجێ ( هەرکەسـە بـۆ خـۆی)، بـێ ئەوەی ئـاو و کارەبـا و جادە و ئاوەڕۆیان بۆ دابین کرابێت، لە سەر موڵکی شارەوانی کەرکوک و میری و خەڵکـانی دیـکە. ئەم دیـاردەیە ئەگەر پەرەبسـێنێ کێشـەێکی زۆر گەورەتـر پەیـدا دەبـێ لە پاشــەڕۆژا. دروســتکردنی هەزارەهـا خـانووی نارێـک بەبـێ ئیجازەوەرگرتن و لە سەر زەویـی شـارەوانی و مـوڵکی تـایبەتی ئەم و ئەو، کە پاشـــان تێـک دەدرێـن، دەبێـتە هـۆی پەیـدابوونی کێشـەیێکی گەورەتـر. ئەم کێشەیە لە ئێستاوە چارەسەربکرێت چـاکترە، چـونکە پاشـان چارەسـەرکردنی ئاڵۆز و قورستر دەبێ. لە بەشێ لە شار و شارۆچکەکانی دیـکەی کوردسـتان ئەم کێشـەیە هەیە و زوو چارەسـەرنەکراوە، پێشـناز دەکەم شارەوانی کەرکـوک بەپەلە دوو ســـێ هەزار پـــارچە زەوی ٢٠٠ مەتریـــی چوارگۆشـــە بەســـەر ئاوارەکـــانی نـــاو شـــاری کەرکـــوک دابەش بکـــات، بە تـــایبەتی بە ســـەر ئەوکەسـانەی لە کەرکـوک ژیـاون ولە لایەن ڕژێـمەوە دەرکـراون، هەر خێزانێـک لانی کەم ٢٠٠٠ دۆلاری پێ بدرێت تاکو بتوانێ بە زوویـی دەسـت بەبینـاکردن بکـات. شـارەوانی دەتـوانێ نەخشـەیێکی تـایبەت بـۆ بینـاکردن ئامادەبکـات و داوایان لێ بکات بەپێـی ئەو نەخشـەیە بیناسـازی بکرێـت. هەروا دەبـێ ئـاو و کارەبایان بۆ دابین بکات، لەگەڵ جادە و ئاوەڕۆ. شێوەی ئەو خـانوانە دەکـرێ لە چەشـنی ئەو خانوانە بن کە لە شاری (سەورەی) نزیک بەغدا دروست کرابون

له ســەردەمی حــوکمی عەبــدولکەریم قاســم. بەم شــێوەیە شــەرعیەت بە گەڕانەوەی ئەو خەڵکـانە دەدرێ و هەمویـان دەتـوانن بەبـێ کێشــە بەشــداری لەو سەرژمێریەی بکەن، کە لە کەرکوک ڕێکدەخرێت. کێشەی ڕێکخستنی ئەو ســەرژمێریە بە شــێوەیێکی ڕێکوپێــک و قانوونیــانە و ڕێــگە نەدان بە بەشــداری کردنـی "عەرەبە هاوردەکـان" کێشــەیێکە دەبـێ لە ئێســتاوە کـاری بـۆ بکرێـت، چــــاکترە ئەو کــــارانە بە شــــێوەیێکی قــــانوونی ئەنجــــام بــــدرێن.
ئەو پارچە زەوییانەی دابەش دەکرێن لەلایەن شارەوانیەوە بە سەر ئاوارەکانـدا، لە هەمــوو شــوێنێکی نــاو شــار، بە هەر چــوار لادا دابەش بکــرێن، لەســەر ڕێگاکانی هەولێر و سلێمانی و لەیلان و بەغدا و دوبز، لەسەر ڕێگـای حەویـجە و تکریتیش. بەم شێوەیە ئەو (پشتێنەی) چەنـد سـاڵە لە دەوروبەری کەرکـوک دروســتکراوە لە لایەن بەعســەوە لە پێنــاوی بە عەرەب کردنــی، دادەتەپــێ و نــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــامێنێ.
لە کەرکوک ئێستاش بەپێی ئەو نەخشەیە کار دەکرێـت لەسـەردەمی بەعـس دانراوە، کەرکوک بەرەو ڕێگاکانی بەغـدا و تکریـت پەرەدەسـێنێ، لەگەڵ بەلاوە نانی ئەو ناوچانەی کـورد و تورکمـانی تێـدادەژین. لە شەسـتەکانەوە کەرکـوک بەرەوە ڕێگاکـانی بەغـدا و تکریـت پەڕەدەســێنێ، زۆربەی ئەو گەڕەکـانەی لە ســەردەمی بەعسـا کـراونەتەوە بە باشــی خـزمەت دەکـرێن، چـونکە بەشــی زۆری دانیشـتوانیان "عەرەبـی هـاوردەن". بەشــی زۆری دەزگاکـانی میـری لەو ناوچــانە کــراونەتەوە. گەڕەکەکــانی نزیکــی ڕێگــای ســلێمانی و هەولێــر بەئانقەســــت پشــــتگوێ خرابــــون و بێــــبەش کرابــــون لە هەمــــوو کــــارێکی خزمەتگوزاری، بـاری ئەو گەڕەکـانە ٣٠ سـاڵ لەمەوبەر چـاکتر بـوو. کـاتی ئەوە هاتووە پلانێکی نوێ بۆ فراوانکـردن و ئـاوەدانکردنەوەی کەرکـوک دابنـرێ، تێیـدا شــــار بەرەو ڕێگاکــــانی ســــلێمانی و هەولێــــر و یــــاروەلی پەڕەبســــێنێ.
دەبـێ ئەوەش لە بیـرنەکەین ڕژێمــی بەعــس نـزیکەی ٣٥ سـاڵ خەریکـی جێبەجێکردنـی سیاســەتی بە عەرەب کردنـی کەرکـوک و نـاوچەکە بـووە بە بەرنامەو هەموو دەزگاکانی ئەمنی و دەوڵەتی و چەنـدەها پسـپۆر و شـارەزای عیراقی و بیانی کاریان تێداکردووە. کـوردیش دەبـێ بەپێـی بەرنـامە کار بکـات تــــاکو ئاســــەواری ئەو سیاســــەتە بنبــــڕ بکــــات ونەیهێڵــــێ.
ئەگەر هەمـوو لایەنەکـان پـێکەوە کـار بـکەن و پشـتگیری لەو لیـژنەیە بـکەن وپەیبەسـت بـن بە بڕیارەکـانیەوە، کارەکـان بەرەو پێشـەوە دەچـن. ئەنـدامە کوردەکـانی نـاو "ئەنجومـونی حـوکمی عیـراق" و ئەنـدامە کـورد و تورکمـانە دۆستەکان لە ناو ئەنجومەنی شارەوانی کەرکوک و ڕێکخـراوە کوردسـتانیەکان لە کەرکـوک دەبـێ هەمویـان هاوکـاری ئەو لیـژنەیە بـکەن. ڕۆڵـی ئەنـدامە

کوردەکانی ناو ئەنجومەنی حوکم لە عیراق گرنگترە، چونکە دەتوانن داواکانی ئەو لیژنەیە لە گەڵ ئەمریکایەکان لە بەغدا و لە گەڵ حکومەتی تازە دامەزراوی عیراقدا باس بکەن و پشتگیری لێ بکەن بۆ نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەب کردنی کەرکوک.
نیشتەجێکردنی ئاوارەکان لەناو شاری کەرکوک و لە دێهاتەکانی دەوروبەری، لەگەڵ گێڕانەوەی سنووری ئیدارە ی کەرکوک بۆ باری جارانی، (بۆ ساڵانی پێش ۱۹٦۸)، وتەرخان کردنی بودجەیێکی تایبەت بۆ کەرکوک و گێڕانەوەی کارمەندە دەرکراوەکان بۆ سەر کارەکانیان (نزیکەی ۱۰،۷۰۰ کارمەند و کرێکار لە دەزگای نەوت هەیە، لەو ژمارەیە تەنیا ۳۱ یان کوردن!)، ئەمانەن داواکاریەکانی خەڵکی کەرکوک.
لە رۆژانی ۱۱ تا ۱۹ ی ئەیلول، پاش ۱۲ ساڵ توانیم بگەڕێمەوە بۆ کەرکوک. چاوم بە کەسانێکی دڵسۆزکەوت بە مەبەستی گوێراگرتن لە ڕاو بۆچوونیان، گەیشتمە ئەو باوەڕە، کە دامەزراندنی ئەو لیژنەیە کارێکی زۆر پێویستە. چاکترە لیژنەکە ئاشکرا نەکرێت و لە "سێبەر"دا بمێنێتەوە.
لەو ماوەی لە کەرکوک بووم چاوم بە بەرپرسی CPA لە کەرکوک و جێگرە ئینگلیزەکەی کەوت، بۆ چەند سەعاتێک لەگەڵیان دانیشتم، شتم بۆ ڕوونکردنەوە و منیش چاکتر لە مەبەستی ئەوان سەبارەت بە پاشە رۆژی کەرکوک حاڵی بووم. ئەوان سەرقاڵی راگرتنی باری ئەمنی و ئاسایشن لە کەرکوک و ناوچەکە، کارەکانی دیکە بەلایانەوە گرنگ نییە ئەگەر پەیوەندی بە ئەمن و ئاسایشەوە نەبێ.
مەسەلەی دامەزراندنەوەی زانکۆی کەرکوک لەسەر بنەمایێکی تازە دەبێ لە ئێستاوە چارەسەر بکرێت. پێویستە ئێوەیش بایەخی تایبەتی پێ بدەن. بابەتێکم بە کوردی وبە ئینگلیزی لە بارەی شێوەی دامەزراندنەوەی زانکۆی کەرکوک بڵاو کردووەتەوە. دانەێک لەو نوسینەم دایە بەرپرسانی کەرکوک، لە گەڵ چەند نووسینێکی دیکەم لەبارەی باری کەرکوک.
لەو نووسینەم لەبارەی شێوەی دامەزراندنەوەی زانکۆی کەرکوک، پێشنازی دروستکردنی سێ کۆلێجم کردووە، لەگەڵ داخستنی کۆلێجی قانوون کە چەند ساڵێکە کراوەتەوە، چونکە ئەو کۆلێجە لە راستیدا مامۆستای نییە، ئەوەی بە ناو "مامۆستا"یە، هەموویان بەعسین، بەشی زۆری قوتابیەکانیش بەعسین. ئەو کۆلێجانەی پێشنیازی دامەزراندنیان دەکەم بریتین لە:
کۆلێجێکی ئەندازیاری پێترۆ - کیمیاوی و کۆلێجی کشتوکاڵ، کە زمانی ئینگلیزی زمانی خوێندن بێ تێیدا، لەگەڵ کۆلێجێکی دیکە بۆ زمان، پێکهاتبێ لە پێنج بەش: بەشێك بۆ زمانی کوردی و بەشێك بۆ عەرەبی و بەشێکی تر بۆ

زمانی تورکمانی و بەشێك بۆ سریانی، لەگەڵ بەشێک بۆ زمانی ئینگلیزی.
لەم کۆلێجەدا مامۆستا پەروەردە دەکرێن بۆ قوتابخانەکانی کەرکوک. ئەم پێشنیازە بە لای ئەمریکیەکانەوە باش بوو، بەڵام دەیانگوت دەبێ خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن.
ئەگەر لە ئێستاوە هەوڵی جیددی نەدرێت بۆ ئەوەی کەرکوک بگەڕێتەوە بۆ باری جارانی، پاشتر توشی شکست دەبین و مێژوو و نەوەکانی پاش ئێمە لێمان خۆش نابن.
ئومێدەوارم ئەم چەند خاڵە کە پێویستە لە نزیکەوە باسیان لێ بکرێت و زیاتر ڕوونکاکی بخرێتە سەریان، لێیان بکۆڵینەوە.
بەداخەوە ئەو یاداشتنامەی مانگی نیسانی ٢٠٠٣ وەڵامی نەدرایەوە.
پێش گەڕانەوەم لە لە ندە ن لە سەرەتای ئەیلولی ٢٠٠٣، سەردانی چەند دۆستێکی کوردم کرد، کە بەشێکیان ئەندامی پەرلەمانن، تکام لێکردن هاوکاریمان بکەن بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یەکێکیان بە بزەیێکی سەر لێوەوە وتی، بگەڕێتەوە سەر کام ئیدارە؟!
وەک دەبینن ئەو داواکاریانەی لەو یاداشتنامەدا هاتوون سێ بەشن: یەکەم یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەیە، دووەم چاوگێڕانەوە بە پرۆژەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٢ کە لە سەردەمی حکومی بەعس ئامادەکرابوو، چونکە کەموکورتی زۆری تێدا بەدی دەکرێ، سێیەم مەسەلەی کەرکوکە.
بە هاوکاری کاک نێچیروان بارزانی، مەسەلەی چاوگێڕانەوە بە پرۆژەی دەستووری نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ چارەسەرکرا، چونکە هەموو ئەندامانی لیژنەی قانوونی و کاک فورسەت ئەحمەدی سکرتێری پەرلەمان لەلای ئەو کۆبووینەوە. پێشنیازم کرد پێکەوە تەماشای ئەو پرۆژەیەی ساڵی ٢٠٠٢ بکەین ئەگەر پێویستی کرد بە دارشتنەوەیێکی باشتر ئامادە بکرێتەوە. لەو دانیشتنەدا کەسێک رەخنەی نەبوو، بە پێچەوانەوە هەموو کۆک بوون لەسەر پێشنیازەکەم، بۆیە بریاردرا رۆژێ پاشتر لە پەرلەمان، لە هۆڵی لیژنەی قانوونی دەست بە کۆبوونەوە بکەین لەسەر پرۆژەی ساڵی ٢٠٠٢ مادده بە مادده. لە کۆبوونەوەی ئەو رۆژەدا کۆمەڵێک دەستکاری گرنگ لە پرۆژەکەدا کران. پاش نزیکەی دوو سەعات کاک فورسەت ئەحمەد ئامادەبوو، ئەو دەستکاریانەی کرابوون بۆمان ڕوونکردەوە، وتی لەوەدەچێ خەریکی پێداچوونەوەیێکی بنەڕەتی بن بە هەموو پرۆژەکەدا. وەڵامان ئەوەبوو مادده بە مادده تەماشای پرۆژەکە دەکەین و ڕاو سەرنجی خۆمان دەربارەیان دەردەبڕین و بە هاوکاری و بە ڕێککەوتن دەستکاری ماددەکە دەکەین، ئە گەر پێویست بکات. داوای لێکردم ڕاو بۆچوونەکانم بە نووسراویی سەبارەت بە پرۆژەکە

بـخەمە بەردەسـتیان، ئەوجا دەسـت بە پێـداچوونەوە بکەیـن، پێشـنیازم کـرد بەردەوام بـین لەسـەر ئەو کـارەی دەسـتمان پێکردبـووە، بەڵام بـێ سـوودبوو، چونکە سوور بوو لەسەر قسەکانی، بۆیە ناچاربوم دیراسـەیێکی ١٥ لاپەڕەیـی سـەبارەت بە پـرۆژەکە ئامـادەبکەم، لەگەڵ نامەیێکـدا بـۆ لیـژنەکەم نـارد، تێیـدا ئاگـادارم کردبـوون، پـاش هەفتەیەکـی تـر کـۆدەبینەوە. لە رۆژی دیـاریکراودا چـومەوە بـۆ پەرلەمـان، وتیـان دوێنـێ پرۆژەکەیـان بە دەسـت گەیشـتووە (هەفتەیەک بـوو بـۆم نـاردبوون)، بـۆیە پڕیـاردرا پاش هەفتەیێکـی تر کـۆبینەوە. جارێکی دی چـوومەوە بـۆ پەرلەمـان، ئەوجا شـتێکی تـازەم گـويَ لێبـوو، گوایا نـاتوانن کـۆبنەوە بەبـێ روخسـەتی سـەرۆکی پەرلەمـان! وتـم سـەیرە بـۆ لەسـەرەتاوە ئەو ئیعترازەتـان نەخشـتە بەرچـاو، ئێسـتا دەزانـن سـەرۆکی پەرلەمان وجێگرەکەی سەفەری دەرەوەی وڵاتیان کردووە. گـویَ لە رەخـنەکەم نەگیـرا، ناچـاربوم ئەم بەیـتە شـیعرەی شـێخ رەزا بە بیـر بێـنمەوە:

**من دەزانم کێ لە خشتەی بردووی ئەمما چ سوود**

**سەیدەو سەید قسەی سووکی دەبێ دەرهەق نەکەم!**

پاش زیاتر لە مانگێك چاوەڕوانی، دکتۆر رۆژ شاوەیس سەرۆکی پەرلەمان گەڕایەوە، سکرتێرەکە پەیوەندی پێوەکردم و رۆژی پاشتر پێکەوە دانیشتین و داوی لێکردم بەردەوام بین لەسەر ئەو کارەی دەستمان پێکردبوو. دەستمان بە کۆبوونەوە کردەوە بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ماددەی لەسەری ڕاوەستابووین. لە ماوەی چەند رۆژێکدا، بە بەشداریکردنی جگە لە ئەندامانی لیژنەی قانوونی پەرلەمان، کاک فورسەت ئەحمەد و سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنی ناو پەرلەمانیش ئامادەبوون و بە تەواوی پرۆژەکەدا چووینەوەو ئاکامەکەی بە نوسراویَك لە مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٣ و پرۆژەکە درایە لیژنەی قانوونی و سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەبوو. ئەو هەموو ماندووبوونەوە بەلاوەنران، چونکە سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور، کاک فورسەت ئەحمەد دەڵێ ئەو هەموو کارە "شەخسی" بووەو هەر پرۆژەکە ی مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٢ کە لە لایەن پەرلەمانەوە وەک (پرۆژە) "پەسەندکراوە" ئەو سیفەتی قانوونی هەیە! لەو باوەڕەدام هیچ قانووناسێک ناتوانێ بڵێ پەرلەمان (پرۆژە) پەسەند دەکات وئەو (پرۆژەش) بەو جۆرە بۆ چەند ساڵێک دەمێنێتەوە! پەرلەمان دەنگ بۆ پەسەندکردنی قانوون دەدات، نەک بۆ پەسەندکردن و مانەوەی (پرۆژە)، بەڵام لەوە دەچێ لە پەرلەمانی ئێمەدا ئەو کارە ڕەوایە!

- کورد و کێشەی تەجاوز لەدوای پرۆسەی ئازادی:

- لە کەرکوک کێشەی تەجاوز (زێدەڕەوی) لەسەر زەوی وزاری میری و

شارەوانی و ئەم وئەو لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٣ وە دەستی پێکراوە، ئەم کێشەیە لە بەشی زۆری شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا هەیە، ئەو خانوانە دیاردەێکی ناشارستانیەتي و سیمایێکی ناشرین بە کەرکوک داوە، هەروەها جێگای رەخنەیە لەلایەن دۆست و ناحەزانی کوردەوە، بە تایبەتی لە دەرەوەدا. لە ساڵی ٢٠٠٤ بەرێز پارێزگای کەرکوک بە سەردانێکی فەرمی دەچێتە ئەمریکا، لەوێ چەند جارێک پرسیاری لێدەکرێ بۆ تەنیا لە گەرەکە کورد نشینەکانی کەرکوک ئەو زێدەڕەوی و خانووی تەجاوز دروستکراوە؟ چەند رۆژنامەنووسێکی ئەمریکی و ئەوروپی جارێکیان پرسیاری ئەو دیاردەیان لێکردم لة هة ولیَر، هەروەها ئەو خەڵکەی لە کەرکوک نیشتەجێ بوون، ئایا پێشتر دانیشتووی ئەو شارە بوون؟ وتم ناتوانم بڵێم هەموویان پێشتر لە شاری کەرکوک ژیاون، بەڵام هەموویان خەڵکی گوندەکانی نزیکی ئەو شارەن. گوندەکانیان رژێم تێکی داون، لە بەشێک لەو گوندانەدا ئێستاش عەرەبی هاوردەی تێداماوە، بۆیە ناتوانن بگەڕێنەو بۆ ئەو گوندە ڕوخاوانە، یان داگیرکراوانە، ئەو دەمەی گوندەکانیان بۆ دروستدبکرێتەوە، دەگەڕێنەوە جێگای خۆیان وخەریکی کاری کشتوکاڵی دەبن. کێشەکە ئەوان دروستیان نەکردووە، بۆیە ئەرکی حکومەتە کة ئەو گوندانەیان بۆ دروستبکاتەوە و هاوکاریان بکات تا بکەونەوە سەر کاری جارانی خۆیان بۆ دابینکردنی ژیانی کەسوکاریان.

- کەرکوک بەرەو کوێ دەروات؟

کەرکوک وهەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە تا ئێستا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا ماونەتەوە دەبێ بە هەموو شێوەیەک هاوکاری بکرێن، ئەوەش ئەرکێکی نەتەوەییە. هەموو لایەک: حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم و لایەن و گرووپە سیاسیەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ئەوە ئەرکی هەموویانە. ئەو دەستەی لە نیسانی ٢٠٠٣ پێشنیازی دامەزراندنمان کردبوو دروستکرابا، کارەکان بەشێوەێکی باشتر بەڕێوە دەچوون، بەپێی بەرنامەو بە هاوکاری ئیدارەی کەرکوک و ئەنجومەنی پارێزگا، پاش هەڵبژاردنی.

ئەرکەکانی ئەو دەستەیە بەبێ هاوکاری و پشتگیری حیزبە سیاسیەکان جێبەجێ ناکرێن، بەڵام بە مەرجێك حیزباتی نەخرێتە پێش کوردایەتی و دەست نەخرێتە ناو کاروباری ئیدارەوە. ئێستاش ئەوەی نەکراوە دەتوانین بیکەن، بە پشتگیریکردن لە ئیدارەی کەرکوک ودەست نەخەستنە ناو کاروباری ئیدارەوە، بە پێشکەشکردنی هاوکاری سیاسی و ماددی بۆ کاربەدستانی کەرکوک، بە ئامادەکردنی لیستێکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، کە پریارە لەم نزیکانەدا ئەنجام بدرێت، بە مەرجی هاوکاریکردن و بەشداریکرنی نوێنەرانی هەموو گروپەکان وکەسانی

بێ لایەن لەو لیستەدا بن، بەڵام کەسانێکی ڕابوردوو پاک وشارەزا و لێوەشاوە بن. ئەگەر ئەو کارە لە ئێستاوە هەوڵی بۆ نەدرێت، ئەنجومەنی داهاتووی کەرکوک وەکو ئەوەی ئێستا نابێ، ئەم پێشنیازە دەمێکە خستووەتە بەرچاو سەرکردایەتی سیاسی کورد. سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور، بە بەردەوامی هاوکاری لیژنەی جێبەجێکردنی ئەو ماددەم کردووە، پرۆژەی میکانیزمی کارکردنی لیژنەکە لەسەر داوای وەزیری ناوچداپڕاوەکان، لە ١٣ نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ بۆم ئامادەکردووە، ئەوەش بە ئەرکی خۆمی دەزانم. جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠) بە مانای لە دەستدانی کەرکوک وبەشێکی زۆر لە ناوچە داپڕاوەکانی کوردستان دەخوێندرێتەوە.
پێوەندی نێوان کورد و تورکمان بەهۆی سیاسەتی چەوتی حکومەتەکانی بەغداوە تێکچووە، پێویستە هەوڵبدرێت ئەو پێوەندیە چاک بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوان و لەگەڵ کلدان و ئاسووری و عەرەبە رەسەنەکانی کەرکەک.
_ ئایا تورکمان لەناو حکومەتی هەرێم سەبارەت بە ژمارەی کورسیەکانیان لە کوردستان هەقی خۆیان وەرگرتووە؟
- ئێستا تورکمان چەند کورسییەکیان لەناو پەرلەماندا هەیە، هەڵبەتە ئەو دەمەی کەرکوک وناوچە داپڕاوەکانی دیکەی کوردستان، کە تورکمانی لێیە دەگەڕێتەوە سەر هەرێم، ژمارەیان زیاتر دەبێ، بۆیە ژمارەیان لە پەرلەمانیشدا زیاتر دەبێ. لەو باوەڕەدام پاش گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی کوردستان پێویستە هەڵبژاردنێکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم سەرلەنوێ ڕێکبخرێن، لەو هەڵبژاردنەدا نوێنەرانی تورکمان وئاسوری وکلدان وعەرەبی کوردستان بەپێی نفووسی راستەقینەی خۆیان هەڵدەبژێردرێن، هەڵبەتە زیاتر دەبن.
ئەرکی ئێمەیە قەناعەت بە تورکمان و نەتەوەکانی دیکەی کوردستان بکەین کە بەرژەوەندیان لەگەڵ ئێمەدایەو ئەوانیش بەشێکن لە گەلی کوردستان و لە دەستووری هەرێمدا هەموو ماف وئەرکەکانیان بە ڕوونی دیاری بکرێن. ئەگەر ناتەبایی وکاری توندوتیژی لەنێو نەتەوەکانی کوردستان ڕوویاندابێ دەستێکی دەرەکی لەپاڵ بووە. کاتی ئەوە هاتووە نەتەوەکانی کوردستان بە هاوکاری وپێکەوە ژیانێکی باشتر بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ و پاشە رۆژ دابینبکەین، کۆمەڵگای کوردستان ببێتە نموونە بۆ کۆمەڵگاکانی ناوچەکە.

---------------------------------------------------

**لە گۆڤاری (ستاندەر) ژمارە ( ١٤)ی ساڵی دووەم، نیسانی ٢٠٠٧بڵاوکراوەتەوە.**